## ئەنفالی 2008
## بۆ مەراسیمی رێزلێنان لە روفاتی 354 قوربانی ئەنفالْ .



**فەهد گـردەوانی**



لە هەر شوێنێک خۆت بشاریەوە
،
یا خۆت نیشان بدەیت و
لە بەر چاوان بیت
رقم لێتە
ئەی ئەنفالْ
# # #
ئەی لەکە رەشەکەی
نێوچەوانی
دەسەلاتدارانی
رژێمی فاشی بەعسی
گۆر بەگۆر کراو .
ئەێ مێژووە رەشەکەی
دەولەتی یاسای بیابان و بەناو
ئیسلام .
لەژێر چاوی هەردوو {الله
اکبر} ی سەر ئالاکەت ،
گۆرستانی مرۆڤایەتیم بۆ
دروست دەکەیت و
بێشەرمانەش
سەرکەوتنت بەسەر ژن و مندالْ
،
ناوی لێدەنێی ئەنفالْ
با لەلای هەموو ئیماندارانیش
پیرۆز و خۆشەویست بێت .
هەر رقم لێتە
ئەی ئەنفالْ

# # #

رقم لێته یا ناوت
هەر ئەنفال بێت و
سەرقافڵەکەت یا هەر
سەدام حوسێن و
سوڵتان هاشم و
عەلی کیمیایی بێت
یا سەرلەشکریان
هەر قورئان خوێندن و اللە و اکبر بێت .
ئەی ئەنفاڵ
# # #
ئەمرۆ بۆ رێز لێنان لە ئێوە
ڕووبار لە کوردستان
گۆرانی ناڵێت .
شەپۆڵ لە دەریاکانی جیهان
سەر ئاو ناکەوێت .
باران لە نیوەی رێگا
بەرەو ئاسمان دەگەرێتەوە .
برووسکە لە داخان رەق دەبێتەوە .
# # #
لە رۆژی 14/1/2008 دا
کوردستانەکەم 354
رووحی تازەی
لە دایک بوو .
354 مرۆڤی زیندووی
جۆراوجۆر لە
ژن...منداڵ...پیر...کیژ...گەنج .
هەر یەکەیان
رەنگی چاویان
جۆری قژیان
جیاوازە .
تەنها هەڵگری یەک ناسنامە و
خەڵکی یەک وولاتن .
# # #
ئەوانە روفاتی
نێردراوی یەزدانن
ئەوانە 354
پێغەمبەری مرۆڤایەتین
بۆ سەر رووی زەوی .
354 گوڵی سووری
سەر سینگی دایکانی شەهیدی جیهانن .
ئەوانە رووی گەشی
مرۆڤایەتین و
گر و درکن لە چاوانی ،
هەست و نەست و دڵی بێدەنگی و مردوو ،
بەرامبەر گۆری بە کۆمەڵ .
# # #
ئێوە چەند کەسن
دوو دەست
دوو قاچ
هەزاران دەست
هەزاران قاچ
دەرزەن دەرزەن
گلێنەی چاو
هەزاران چاو
183 هەزار ئەنفاڵ
8 هەزار بارزانی
5 هەزاری کیمیابارانی هەڵەبجە
چەند هەزار گەردەنی پەتی قەنارە و سێدارە .
ئێوە چەندن لەسەر خاک و
لە ژێر زەوی دا .
ئێوە چەندن لەناو شاخ و
لە نێو دۆڵ دا .
ئەی سەربەرزانم
دەپێم بڵێن ئێوە چەندن .
# # #

ئەو ڕوفاتی ئەنفالانە
لە پەیکەری ئازادی نیویۆرک بەرزترە .
لە گۆڕەپانی سووری مۆسکۆ جوانترە .
لە کەنیسەی ڤاتیکان پیرۆزترە .
لە گۆڕەپانی کەعبەی موسڵمانان فرەوانترە .
لە ئەهراماتی فیرعەونەکان کۆنترە .
بۆ مرۆڤایەتی
شوێنی حەسانەوەیە گۆڕی بە کۆمەڵتان ،
ئەی شەهیدان .
# # #
هەڵکەنن ئەو
خاکە
هەڵکەنن
دەبیندرێتەوە ،
هەر هەموویان دەناسرێنەوە .
ئەو کەللە سەرانە لە تورەگە و بوغچان بکەن
بۆ بارەگای خودا دەنێرینەوە ،
با دوا بڕیاری خۆی لەسەر تاوانباران بدات .
کۆیکەنەوە
با ئێسکەکان یەکە یەکە بناسیتەوە و
ناوی ئەو قارەمانانەمان بۆ بنووسێتەوە .
هەتا کوردستان مابێت ،
ئێوە زیندوون .
هەتا یەک تاقە کورد مابێت ،
ئێوە تاجی سەری ئێمەن .
ئێوە پیرۆزی مرۆڤایەتین .

17/1/2008ـ14
ستۆکهۆڵم